# دەبێ قائیمقامی کەلار دەست بەجێ، دەست لە کار بکێشێتەوە!

**سەلام عەبدوڵا**

**کەلار**

**ئیمڕۆ لە شاری کەلار نزیکەی 2000کەس خۆپیشاندانیان کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا. پاش ماوەیەك قائیمقامی شارەکە ویستی قسە بۆ خەڵکەکە بکات، بەڵام درایە بەر بەرد و ئەویش شوێنەکەی بەجێهێشت. پاشان ئەمری تەقەکردن درا و پۆلیسەکان کەوتنە تەقەکردن بەسەر خەڵك، بەڵام خۆپیشاندانە تورەکان کەوتنە شکاندن و سوتاندنی ئارمەکانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان و ئاگریان بەردایە ئۆتۆمبیلێکی بەرازیلی و موبەریدە و سپلیتەکەیان سوتاند، ئارمی رادیوی تەواریان شکاند، ئازادی لاوان و کۆمەڵەی خوێندکارانی سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. کاتێ پۆلیس ئاگرکوژانەوە لە بەردهەڵدان لە دژی خۆپیشاندەرەکان بەشدارییان کرد، جەماوەرەکە دەرگاو پەنجەرەی بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیانیان شکاند. لەم کاتەدا خەڵکەکەش هەر درێژەیان دەدا بە درووشم و بانگەوازی: (دەبێ قائیمقام دەشت لە کار بکێشێتەوە...دزەکان...دزەکان...دزەکان...کارەبا...کارەبا ...کارەبا) لە سەرئەنجامی تەقەکردن لە خەڵك تا نووسینی ئەم راپۆرتە، 4کەس بریندارکران(ئێستا هەواڵی شەهیدبوونی خۆپیشاندەرێك و دەستگیرکردنی نزیکەی 25کەس، گەیشت).**

**سەردەمی بەعس نەما و تەقەکردن لە خەڵکی بێ دیفاع، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو بەرپرسانە هێشتا نەك هەر لە ئەزموونی دیموکراسی تێنەگەیشتوون، بگرە هێشتا بەعس ئاسا رەفتاردەکەن، بۆیە دەبێ ئەوانەی فەرمانی تەقەکردنیان داوە، دەستبەجێ لە کار دەربکرێن و بۆ بەردەم دادگا راپێچ بکرێن!**




**ئەوەی تەقە لە خەڵك بکات، دوژمنی خەڵکە و دەبێ بە توندترین شێوە سزا بدرێت!**